Komala Party _ Iranian Kurdistan

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

برای گەورە و زۆر بەرێزمان مام جەلال تالەبانی، سەرۆک کۆماری عیراق

زۆر جێگای خۆشییە کە هەڵبژاردنی جەنابت وەک سەرۆک کۆماری عیراق لە ئێوە و هەموو گەلی کورد و گەلانی عیراق پیرۆزبایی بکەین. با لە رێگای جەنابتەوە پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە مێژوویە ئاراستەی هەموو ئازادیخوازانی عیراق و تێکۆشەرانی گەلی کوردی باشوری کوردستان، بکەین.

دلنیاین کە جەنابت وەک هەمیشە لێهاتوویی و توانایی خۆتان بۆ برایەتی و یەکیەتی گەلانی عیراق، بۆ وەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایش لە عیراق، بۆ چەسپاندنی دیمۆکراسی و وەدەست هێنانی مافە رەواکانی کورد، دەخەیەگەڕ و دەبنە مایەی ئاشتی و خۆشی لە عیراقدا. ئێمەش لە لایەن خۆمان و هەموو گەلی کوردی رۆژهەڵات خۆمان بە پشتیوانی دەسکەوت و سەرکەوتنەکانتان لە عیراق دەزانین و ئاواتی سەربەرزیتان لە هەموو بوارەکاندا بۆ دەخوازین.

دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

عەبدوڵڵا موهتەدی

6.4.2005